# وەزارەتی خوێندنی باڵا (٣٠) زەمالەی خوێندن لە
# وڵاتی هەنگاریا ڕادەگەیەنێت

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی زەمالەی خوێندنی ماستەر/ دکتۆرا لە وڵاتی هەنگاریا بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣) ڕادەگەیەنێت، کە لە چوارچێوەی ڕێکەوتنامەی نێوان وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان و وەزارەتی توانستە مرۆییەکانی هەنگاریا ساڵانە (٣٠) سکۆلەرشیپ (١٠ ماستەر و ٢٠ دکتۆرا) بۆ فێرخوازان و هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان ڕادەگەێنێت.

لەو بارەیەوە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕایدەگەیەنێت: لە چوارچێوەی ڕێکەوتنامەی نێوان وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان و، وەزارەتی توانستە مرۆییەکانی هەنگاریا کرد کە ساڵانە هەنگاریا (٣٠) سکۆلەرشیپ بۆ فێرخوازان و هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان ڕادەگەێنێت، لە ئێستاوە دەرگای پێشکەشکردن بۆ سکۆلەرشیپی خوێندنی باڵای هەنگاریا دەکرێتەوە بەپێی ئەم مەرج و ڕێنماییانەی خوارەوە.

### مەرج و ڕێنماییەکانی پێشکەشکردن:

پێشکەشکارانی هەرێمی کوردستان ئاگادار دەکەین کە ولاتی هەنگاریا (٣٠) زەمالەی خوێندن (١٠ ماستەر و ٢٠ دکتۆرا) پێشکەش بە هەرێمی کوردستان کردوە، بەمەبەستی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا بەم شێوەی خوارەوە:

## - ماستەر:

- پێشکەشکار دەبێت هاوڵاتی هەرێمی کوردستان بێت.
- پێشکەشکار ئەگەر فەرمانبەر یا مامۆستا بێت لە دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان، ئەوا دەبێت بە لایەنی کەم دو ساڵ خزمەتی هەبێت لە پاش بەدەست هێنانی دوایین بروانامە. واتا لە دوای بە دەستهێنانی دواین بروانامە.
- خوێندن لەم زەمالەیە بە زمانی ئینگلیزیە، دەبێت پێشکەشکار بە لایەنی کەم ئاستی زمانی ئینگلیزی (5) IELTS یان هاوتاکەی لە تاقیکردنەوە ستانداردەکانی دیکەی توانستی زمان کە بریتین لە ( TOEFL IBT, PTE) وەک خشتەی بەراوردکاری لە خوارەوەیە:

| جۆری تاقیکردنەوە | | |
|---|---|---|
| IELTS | TOEFL (IBT) | Pearson Academic (PTE) |
| 5 | 59 | 52 |

| | | |
|---|---|---|
| 5.5 | 66 | 59 |
| 6 | 73 | 67 |
| 6.5 | 80 | 70 |
| 7 | 88 | 74 |
| 7.5 | 96 | 78 |
| 8 | 104 | 82 |
| 8.5 | 112 | 86 |
| 9 | 120 | 90 |

**تێبینی:**

- کاتێک وەزارەتەکەمان داوای دۆکیومێنتی پێویست دەکات، دەبێ تێستی زمان بەسەر نەچوبێت.
- **داواکار دەبێت لە هەمان بواری خۆی داواکاری بۆ بەرنامەی ماستەر پێشکەش بکات. (واتا بەکالۆریۆس و ماستەرەکەی لە هەمان بوار بێت).**
- ئەم زەمالەیە پشتگیری مۆڵەتی هاوڕێیەتی هاوسەری ناکات. هەروەها پرۆسیسی ڤیزەی هاوسەر و منداڵ ناکرێت.
- کاندیدی سەرکەوتو ئەگەر دامەزراو بێت، ئەوا لەلایەن وەزارەتی پەیوەندیدار تەنها مۆڵەتی خوێندنی پێدەدرێت واتا بە موچەی بنەڕەتی و دەرماڵە جێگیرەکان.
- لەکاتی داواکردنی بەڵگەنامەکان لەلایەن وەزارەتەکەمان، داواکار دەبێت نوسراوی لاری نەبون لە فەرمانگەکەی خۆی پێشکەش بکات.
- کاندیدی سەرکەوتوو لە لایەن وڵاتی هەنگاریا مانگانە بری نزیکەی (١٣٠) یۆرۆی وەک دەرماڵەی مانگانە پێدەدرێت و بیمەی تەندروستی و کرێی خوێندن و بەشی ناوخۆیی لە زانکۆ بۆ دابین دەکرێت، بەڵام کرێی فرۆکەی بۆ دابین ناکرێت. (**بۆ زیاتر ووردەکاری تکایە سەردانی ماڵپەری زەمالەکە بکەن)**
- دوا مۆڵەت بۆ پێشکەشکردن بریتیە لە ٢٠٢٢/١/١٥
- بۆ زانیاری زیاتر و پێشکەش کردن، تکایە سەردانی ئەم لینکانەی خوارەوە بکەن: https://stipendiumhungaricum.hu

**تێبینی:**

وەزارەتەکەمان ئەم بوارانەی خوارەوەی بۆ خوێندنی ماستەر دیاری کردووە: واتا پێشکەشکار تەنها دەبێت داواکری بۆ ئەم بەرنامانەی خوارەوە پێشکەش بکات بە پێچەوانەوە دواجار لە لایەن وەزارەتەکەمان کاری لە سەر ناکرێت:

| Study programme 2022-2023 | Study level | Study mode | Branch of science |
|---|---|---|---|
| Structural Engineering | MA | FT | Engineering Science |
| Ethnic and Minority Policy | MA | FT | Social Science |
| Music Composition | MA | FT | Arts |
| Archaeology | MA | FT | Arts and Humanities |
| Advanced Practice in Nursing | MA | FT | Health Science |
| Petroleum engineering | MA | FT | Engineering Science |
| Philosophy | MA | FT | Arts and Humanities |
| Interior and Spatial Design | MA | FT | Arts |
| Clinical Laboratory Sciences | MA | FT | Health Science |
| Cultural Heritage Studies | MA | FT | Arts and Humanities |

- پێشکەشکردن راستەوخۆ و تەنها لەڕێگەی ماڵپەڕی سەرەکی زەمالەکە (هەنگاریا) دەبێت.
- دوای دەرچونی ئەنجامی بەرایی لەلایەن هەنگاریاوە، وەزارەتەکەمان لەسەر بنەمایی رێنمایی ژمارە (٥)ی سالی ٢٠٢١ کاندیدەکان هەڵدەبژێرێت.
- ئەگەر کاندیدی سەرکەوتو پاشگەز بۆوە یا بەردەوام نەبو لە خوێندن، ئەوا ناوی دەخرێتە لیستی رەش، و بۆی نیە داواکاری پێشکەش بە هیچ بەرنامەیەکی خوێندنی باڵای ناوخۆیی یا دەرەوە بکات.
- هەر کاتێک کاندید بەڵگەنامەی نا دروست پێشکەش بە لایەنی هەنگاریا یا وەزارەتەکەمان بکات، ئەوا دەخرێتە لیستی ڕەش و زەمالەکەی هەلدەوەشێنرێتەوە.
- لەبەر ئەوەی پێشکەشکردن ڕاستەوخۆ لەڕێگەی ماڵپەری زەمالەکەیە، و تا دەرچونی ئەنجامی بەرایی، وەزارەتەکەمان هیچ فایلی لەبەردەست نیە تا کاری لەسەر بکات، بۆیە تا دەرچونی ئەنجامی زەمالەکە لەڕێگەی ماڵپەری وەزارەتەکەمان، بە هیچ شێوەیەک سەردانی وەزارەت مەکەن.

## - دکتۆرا:

- پێشکەشکار دەبێت هاوڵاتی هەرێمی کوردستان بێت.
- پێشکەشکار ئەگەر فەرمانبەر یا مامۆستا بێت لە دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان، ئەوا دەبێت بە لایەنی کەم دو ساڵ خزمەتی کرداری هەبێت لە پاش بە دەستهێنانی دوایین بروانامە.

**بەلام سەبارەت بە دەرچوانی بەرنامەی تواناسازی دەبێت پابەندی ئەم ڕێککەوتننامەیە بن کە پێشتر لەگەڵ وەزارەت واژۆیان کردوە.**

- خوێندن لەم زەمالەیە بەزمانی ئینگلیزیە، دەبێت پێشکەشکار بە لایەنی کەم ئاستی زمانی ئینگلیزی (٥) IELTS یان هاوتاکەی لە تاقیکردنەوە ستانداردەکانی دیکەی توانستی زمان کە بریتین لە (Pearson و IPT TOEFL) **(وەک خشتەی بەراوردکاری خوارەوە):**

| جۆری تاقیکردنەوە | | |
|---|---|---|
| IELTS | TOEFL (IBT) | Pearson Academic (PTE) |
| 5 | 59 | 52 |
| 5.5 | 66 | 59 |
| 6 | 73 | 67 |
| 6.5 | 80 | 70 |
| 7 | 88 | 74 |
| 7.5 | 96 | 78 |
| 8 | 104 | 82 |
| 8.5 | 112 | 86 |
| 9 | 120 | 90 |

**تێبینی:**

- کاتێک وەزارەتەکەمان داوای دۆکیومێنتی پێویست دەکات، دەبێ تێستی زمان بە سەر نەچو بێت.
- **داواکار دەبێت لە هەمان بواری خۆی داواکاری بۆ بەرنامەی دکتۆرا پێشکەش بکات. (واتا ماستەر و دکتۆراکەی لە هەمان بوار بێت).**
- ئەم زەمالەیە پشتگیری مۆڵەتی هاوڕێیەتی هاوسەری ناکات. هەروەها پرۆسیسی ڤیزەی هاوسەر و منداڵ ناکرێت.
- کاندیدی سەرکەوتو ئەگەر دامەزراو بێت، ئەوا لە لایەن وەزارەتی پەیوەندی دار تەنها مۆڵەتی خوێندنی پێدەدرێت واتە بە موچەی بنەڕەتی و دەرماڵە جێگیرەکان.
- لە کاتی داوا کردنی بەلگەنامەکان لە لایەن وەزارەتەکەمان، داواکار دەبێت نوسراوی لاری نەبوون لە فەرمانگەکەی خۆی پێشکەش بکات.
- کاندیدی سەرکەوتو لەلایەن وڵاتی هەنگاریا مانگانە بڕی نزیکەی (٣٩٠- ٥٠٠ یۆرۆی وەک دەرماڵەی مانگانەی پێدەدرێت، هەروەها بیمەی تەندروستی و

کرێی خوێندن و بەشی ناوخۆیی لە زانکۆ بۆ دابیندەکرێت. بەڵام کرێی فرۆکەی بۆ دابین ناکرێت. (بۆ زیاتر ووردەکاری تکایە سەردانی ماڵپەڕی زەمالەکە بکەن).

- دوا مۆڵەت بۆ پێشکەشکردن بریتیە لە (٢٠٢٢/١/١٥).
- بۆ زانیاری زیاتر و پێشکەشکردن تکایە سەردانی ئەم لینکانەی خوارەوە بکەن:
  https://stipendiumhungaricum.hu
- وەزارەتەکەمان ئەم بوارانەی خوارەوەی بۆ خوێندنی دکتۆرا دیاری کردوە:

| Study programme 2022-2023 | Study level | Study mode | Branch of science |
|---|---|---|---|
| Architecture | PHD | FT | Arts |
| Doctoral Program of Political Science | PHD | FT | Social Science |
| Doctoral Program of Business and Management | PHD | FT | Social Science |
| Doctoral School of Mathematics | PHD | FT | Natural Science |
| Doctoral School of Chemistry | PHD | FT | Natural Science |
| Doctoral School of Biology | PHD | FT | Natural Science |
| Doctoral School of Sociology | PHD | FT | Social Science |
| Doctoral School of Economic and Regional Sciences | PHD | FT | Social Science |
| Doctoral School of Landscape Architecture and Landscape Ecology | PHD | FT | Engineering Science |
| Doctoral School of Pharmaceutical Sciences | PHD | FT | Health Science |
| Doctoral School of Neurosciences | PHD | FT | Health Science |
| Doctoral School of Dental Sciences | PHD | FT | Health Science |
| Doctoral School of Clinical Medicine | PHD | FT | Health Science |
| Mikoviny Sámuel Doctoral School of Earth Sciences | PHD | FT | Natural Science |
| Doctoral School of Mental Health Sciences | PHD | FT | Health Science |
| Doctoral School of Sport Sciences | PHD | FT | Health Science |
| Doctoral programme in Civil engineering | PH | FT | Engineering Science |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | D | | |
| Doctoral School of Nutrition and Food Sciences Nutritional science PhD Program | PH D | FT | Health Science / Agricultural Science |
| Doctoral School of Computer Science | PH D | FT | Engineering Science |
| Doctoral School of History and Ethnology | PH D | FT | Arts and Humanities |
| Doctoral School of Veterinary Science | PH D | FT | Agricultural Science |

- واتا پێشکەشکار تەنها دەبێت داواکاری بۆ ئەم بەرنامانەی سەرەوە پێشکەش بکات:
- پێشکەشکردن راستەوخۆ و تەنها لەڕێگەی ماڵپەڕی سەرەکی زەماڵەکە (هە نگاریا) دەبێت.
- دوای دەرچوونی ئەنجامی بەرایی لەلایەن هەنگاریاوە، وەزارەتەکەمان لەسەر بنەمایی ڕێنمایی ژمارە (٥) ی سالی ٢٠٢١، کاندیدە سەرکەوتوەکان هەلدەبژێرێت.
- ئەگەر کاندیدی سەرکەوتو پاشگەز بۆوە یا بەردەوام نەبو لە خوێندن، ئەوا ناوی دەخرێتە لیستی رەش و بۆی نیە داواکاری پێشکەش بە هیچ بەرنامەیەکی خوێندنی باڵای ناوخۆی یا دەرەوە بکات.
- هەر کاتێک کاندید بەڵگەنامەی نا دروست پێشکەش بە لایەنی هەنگاریا یا وەزارەتەکەمان بکات، ئەوا دەخرێتە لیستی ڕەش و زەماڵەکەی هەڵدەوەشێنرێتەوە.
- لەبەر ئەوەی پێشکەشکردن ڕاستەوخۆ لەڕێگەی ماڵپەری زەماڵەکەیە، و تا دەرچونی ئەنجامی بەرایی، وەزارەتەکەمان هیچ فایلی لەبەردەست نیە تا کاری لەسەر بکات، بۆیە تا دەرچونی ئەنجامی زەماڵەکە لەڕێگەی ماڵپەری وەزارەتەکەمان، بەهیچ شێوەیەک سەردانی وەزارەت مەکەن.